# شەڕ بەربەریەتە!

حەسەن سەیدباقی

ئەوەی لەبەردەوامی ئەم شەڕەدا، شەڕی "ئازادی و ڕزگاری" گەلانی عێراقدا دەیبینین، کوشتاری بەکۆی جەماوەری عێراقە ڕزگارکردنی ڕاستەقینەیە لەدەس نەهامەتی و دەردی سەری ژیان، ڕزگارکردنیانە لەدەس زوڵم و زۆری سەدام، بۆ هەتا هەتایی. بۆش دەڵێ "ئێمە هاتووین بۆ ڕزگاری" بەڵێ لە لێدانی گەڕەکی شعلە لە بەغداد و شوێنە سڤیل نشینەکان دا دەردەکەوێت، بۆمبابارانکردنی شاری بەسرەی ناسراو بەخۆڕاگری ودژە فاشی، شارەکانی تری باشوور، بۆش ڕاست دەفەرموێ، خۆی لە خۆی دا ڕزگارکردنە! باس لە یارمەتی مرۆیی دەکات، هەروەك ئەوەی لە ئەفغان کردی بە لولەی تانك وفڕۆکە و ڕۆکێت، جەماوەر وورد دەکەن هەستی مرۆیان دەکوژن! دەیان خەنەخانەی ڕژێمەوە، لەم نێوەندەدا ڕاستی و دروستی نەتەوە (نا) یەکگرتوەکان دەردەکەوێت، کە کارتۆنێکی ناشیرینی دروستکراوە، هەویرێکەبە دەستی ئەمریکایەکانەوە. لەکوێن ئەوانەی باسی مافی مرۆڤ دەکەن. هەروەك ئەوەی دوای ١١ی سبتەمبەر دیمان و بیستمان ئەمریکیەکان بانگەوازیان بۆکرد، "ئەوەی لەگەڵمان نەبێت دوژمنانە"، ئێستا ئەو بیرۆکەیە بەسەر گەلی ئێراقدا دەسەپێنن، سەرەتای شەڕە وردە وردە نیازە گڵاوەکانیان دەردەکەوێ، شەڕیانە لەسەر بەشی شێرە کێ هەیبێ لە دزینی سامانی ئەم وڵاتە، شەڕیانە بۆ دوای شەڕ لە بیناکردنەوەی ئەو کاولکاری و داڕوخانەدا کە دەیکەن، ئەم شەڕە شەڕی کومپانیا مۆنۆپۆڵەکانە، شەڕی کەڵەکە کردنی سەرمایەیە لەسەر ئیسك و پروسکی گەلی ئێراقی، شەڕێکی نامرۆڤایەتی و ناشیرین کرنی گەلی ئەمریکیە لەلای ئێراقیەکان و سەرتاسەری جیهاندا، ئەوەی یەك تۆسقاڵ مرۆڤایەتی تێدابێت دژیئەم جەنگە (سەددا و بۆش) ە. هەروەك لە ڕابووردوودا باسی نیازو پلانەکانی ئەمریکام کردووە لە فراوان خوازی و پاوەنکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا سەرەتای دەرکەوت، لە هەڕەشەو گوڕەشەکانی ڕامسفیلد لە سوریاو ئێران. ڕاسفیلد ئاگاداری سوریا دەکاتەوە، گوایە هاریکاری چەکدارکرنی سوپای ئێراق دەکات لە پێدانی دووربینی شەو پێیان، کە پێکەنیناویە ئەم بیانووە هەرزان و ئاسانە، هەروەها ئێران تاوانبار دەکات لە ناردنی سوپا و هێز بۆ هاریکاری کردنی سوپای ئێراقی، دیسان دەڵێت جەماوەر شەڕناکات، بە زۆری هەڕەشەی کوشتن بەرەنگاریان پێدەکەنەوە، داوا لە جەاوەر دەکات بیان ناسننەوە ناویان بدەن، تا بە تاوانباری جەنگ سزا بدرێن! زۆر جوان و باشە، ئەی بەبڕیاری کێ! ئەو جەماوەرەی ناڕازیە بە ڕژێم و بە ئێوەوجەنگ، ڕۆکێت باران دەکرێت!! کوشتاریخەڵکی بێتاوان ئەکات، سزای ئەوانەچیە؟ ئەوانەی بەفڕۆکەکانیان بۆمبی دوو تەنی بەرئەدەنەوە بەسەر خەڵکی سڤیلدا. لە لایەکە تر بۆتین داوای دەست بەجێی وەستانی شەڕدەکات، کیلۆی بەچەند؟!، بە قسەی باول شەڕ دەگاتە ئەنجام، بۆش دەڵێت ئێمە سەرکەوتووین، تازە لەشکر کێشی زیاتر دەکات بۆ ناوچەکە تا چاکتر کۆنترۆڵ بکات. ئایا ئەوانەی دژی شەڕن لە زلهێزەکان (ڕژێمەکان) لە هەستی مرۆڤایەتی و مرۆدۆستیانەوەیە یان شینی هەریسەکەیانە! بەرژەوەندی ئابووریان لە دژواریدایە، لە کۆبونەوەکەیاندا دەڵێن با نەتەوەیەکگرتوەکان سەرپشکی چاکسازی بێت. براڵەینە خۆ شەڕ جارێکە بەردەوامە کۆ کوژیە، وێرانکاریە، پەلەتان نەبێت بەشتان ناخورێت کاك شیراك و میستەر پۆتین!

بۆیە لە تێڕوانینی واقیعیەوە دەتوانین بڵێن شەڕ بەربەریەتە!!.

ئەڵمانیا ئازاری ٢٠٠٣

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣